# دایە ڕۆڵەکەت چۆتە جیهادێ

دایە ڕۆڵەکەت چۆتە جیهادێ

بەبونی جیهاد ئازادی دادێ

دایە ڕۆڵەکەت گیانی فیدایە....

کورت پێشمەرگەی ڕێگەی خودایە...

***

دڵت قایم بێ توخوا دایە گیان

مردن بۆ خودا ژیانە ژیان

کەسێك لە ڕێی خوا بێتە مەیدانێ

لە پێناوی خوا گیانی خۆی دانێ

بەڕأستی ئەمە جێی شانازییە

خوا لە کەسێکی ئاوا ڕازیە

***

کوڕێك پێشمەرگەی ڕێبازی خوا بێ

گیان لەسەر دەستی بیرو بڕوا بێ

بیرو باوەڕی پاکی ئیسلامی

بوبێتە هەوێن بۆ ڕێی مەرامی

توخوا دایە گیان چۆن بۆ ئەم کوڕە

دڵت بەداخو مەراقی پڕە

***

دایە گیان گەلێ کوڕی ئەم خەوڵکە

لەسەر ڕێیەکی پوچو بێ کەڵکە

کە خەڵکی لەسەر ڕێی شەیتان دەڕوا

کوڕی تۆ لەسەر ڕێبازی خوا

دایە دەزانم ئێستا لێم حاڵی

جێی شانازییە لە ڕێی خوا تاڵی

***

دایە لە مێژە کەوتۆتە بەر گوێت

بەبێ ماندوو بوون ئیسلام ناچەسپێت

بێ گومان خوێنو عەرەقی دەوێ

خەوی بێ نوێ،و شەو ڕەوی شەوێ

بۆیە دایە گیان کاتێ شەهید بووم

توخوا مەگری نامرم زیندووم

***

دایە ڕۆڵەکەت چۆتە جیهادێ

بەبۆنی جیهاد ئازادی دادێ

دایە ڕۆڵەکەت گیانی فیدایە...

کورت پێشمەرگەی ڕێگەی خودایە...

1989/3/23 ز

سەردەشت

# ئێمەو مردن

خوشکی شیرینم تتفکرە ئەمڕۆ
مردن بە پیری‌و جوانی نییە خۆ

فریای خۆت کەوە هەتا ماوی تۆ
بەکردەوەی جوان بۆ بەهەشت بڕۆ

لەکاتی مردن گەرمە هاتوو چۆ
سوکە حەفلەیەك دا ئەنرێ بۆ تۆ

کفن بڕینەو بەزمەو باوکە ڕۆ
بەڵام پێم ناڵێی چارت چییە تۆ

بەرەو سەرقەبران مل کەچی‌و بڕۆ
سا خوا ڕەحم کات بە ئێمەو بە تۆ

# گوڵ

سەیری خونچەکە چۆن پێچراوەیە
بۆ دوو بەیانی گەش کراوەیە

ئەو بۆنە خۆشەو چەند ڕازاوەیە
وەیان سەیرکە وشکە وەرییوە

هەر ئەڵێی ئەساس دونیای نەدیوە
گەڵاکەی ژاکاو لە بنی وەریوە

زستانەو بەفری لەسەر باریوە
خۆ چاك ئەزانی گوڵت چۆن دیوە

عومری ئینسانەو لە گوڵانە خشیوە
لە ژیانی ئینسان دەورێکی دیووە

# یادیَ لەگەڵ باراندا

ڕەحمەتی خوایە باران دێتە خوار
گەڵا دڵ خۆشن هەموو لادێو شار

شوکرانە ئەکرێ هەزاران هەزار
گەشەیان کەوتێ گوڵاڵەو چنار

باران ڕ ٚحمەتە لای پەروەدگار
ئەی بۆ ناپرسی لە گەنمو لە جۆ

شنەیان کەوتێ بۆمنو بۆ تۆ
هەمو بەجاری ئاویان خواردەوە

سەدان جار سوپاسی
خوامان کردەوە

# ئێمەو نوێژەکان

خوشکی شیرینم کاتێ نوێژ دەکەی
ڕوو لە بارەگای خواوەند دەکەی

دەستت هەڵبڕە بەرەو ئاسمان
دڵ بێتە لەرزە لە ترسی خوا گیان

با چاوەکانت پڕبێ لە گریان
دڵیشت لە جێی خۆی ببێت بە بریان

بێنە بەر چاوت دیمەنی قەبران
سا خوا وەری گری نوێژی هەموان

**چوار دێر:**

لە جێی شێران لە مەیدانی ڕێوی
گورگ ئەمڕۆ هەق و ناهەق دەپێوی
بڵێ گەر بەهیوان حوکمی خودا بکەن
دەبێ شێر بێنە پێشوو خۆ فیداکەن

# چاوەکان

سەیری چاوت کە چەند شتێ جوانە
پیرۆز بێ هەدیەی تاقە خوا گیانە

خۆ کە نەبوایە چارت چی بوو تۆ
ئای کە ناخۆشە بێ چاو هاتوو چۆ

ڕۆژی ڕوناکت لا تاریکە تۆ
بەساڵێك دەڕوات ڕۆژێك لەلای تۆ

تۆش لە پاداشتی ئەو دوو چاوانە
پەیمانێك بدە بەو خوا گیانە

بەدڵ تێ کۆشە بۆ ئەم ئیمانە
هیچ فەرقی مەخە خەزمو بێگانە

خەیانەت نەکەی تۆ بەو چاوانە
نەك لێت بسێنێ ئەو خوا گیانە.

# یادێ لەگەڵ پەروەردگاری بەهاردا

هەزاران شوکر ئەی پەروەردگار
بۆت گێڕاینەوە سێ وەرزی بەهار

دنیا سەوزو جوان پڕە له گوڵزار
بەیادی سەیران بۆ دەشت ونزار

بەڕاستی خۆشە سێ وەرزی بەهار
کەوی خاڵ لە مل کردیۆ سەردار

تێی چریکانۆ بولبولی خەمبار
سەر چاوە تەقی و جۆگە هاتەخوار

قارچك هەڵ تۆقی لە پاڵۆ نزار
نیعمەتی تۆیە ئەی پەروەردگار

دەستەی غەریبان چونۆ بۆ هەوار
کەوتنە شنە شن باخی هەناران

خێمەیان هەڵدا دەستەی نازداران
گیزەی سەماوەر سێبەری داران

سەیران قابیلە بە ئیمانداران
خوایە گیان قیامەتمان کەی بەبەهاران

# یادێ لەگەڵ نەسر

چەند شاران گەڕام چەند دێهات ڕۆشتم
نسر لەلای تۆ لە ئیمان گەشتم

چەند باخی هەنار چەندە گوڵی جوان
ڕازاندمەوە لە حەوشەوی خۆمان

کاتێکم زانی نسر نەماوە
ماڵ وگوڵ و باخ بو بە کەلاوە

چاکتر تێگەشتم دونیا فانییە
ماڵ وگوڵ وباخ بۆ کەسمان نییە

ئیتر خوا حافیز خوشکانی ئازیز
لە دوورتان ڕەنگم وەك گوڵی پایز

# خوشکی شیرینم

خوشکی شیرینم کاتیَ چویته دەر
چواردەورت داوە خەتەرە خەتەر
خۆت بپارێزە لەدەردی نەزەر
خیانەت نەکەی بە دوو چاوی سەر
خوشکم کامێرەی خوات والە سەر
مسقالەی زەڕەت ئەخرێتە دەفتەر
خۆت بێ بەش نەکەی لە حەوزی کەوسەر
خۆت بەر پرسیاری لە ڕۆژی مەحشەر
بەڵکو دانیشی لەسەحارو سێ بەر
بیبە هاوڕێی ئاسیاو هاجەر
خوشکم خۆشە هەواڵو خەبەر
فەرموو بنۆشن لە ئاوی کەوسەر
خوشکم دووبارە خەتەرە خەتەر
سەرچاوەی گوناه پێك دێت لە نەزەر